

# خەڵاتی گۆتە بۆ ئەدۆنیس

ئا: عیسا چیایی

ئەدۆنیس وەکو یەکەمین ئەدیبی عەرەب خەڵاتی بەناوبانگی گۆتە بەدەست دێنێ، بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە پایەی بڵندی عەرەبی و جیهانیی ئەدۆنیس پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام ئەمەش لە توندیی ئەو ڕەخنانە کەم ناکاتەوە، کە تایبەتن بەو پێشێلکارییانەی لە سوریا ئەنجام دەدرێن و ئاراستەی ئەدۆنیس دەکرێنەوە، ئەو شاعیرەی بەڕەگەز خەڵکی سوریایە. بۆجاری یەکەم خەڵاتی بەناوبانگی گۆتە بەر شاعیرێکی عەرەب دەکەوێت، ئەویش شاعیری گەورە ئەدۆنیسە، کە لیژنەی سەرپەرشتیاری وای ناساندووە: (گرنگترین شاعیری ئەم سەردەمەی خۆمان)ـە، لەو ڕاستییانەی کە دەبنە پاکانە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە لیژنەکە وای بینیوە (ئەدۆنیس لە گواستنەوە و وەرگێڕانی داهێنانە ڕۆژئاوایی و ئەوروپییەکاندا سەرکەوتوو بووە،

# راپۆرت

لیژنەکە ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئەو خەڵاتە لەپای ئەو بەهرە شیعرییە هەڵقوڵاوەی و ئەو ڕووگا نێونەتەوەیی و بەشداریکردنەی لە ئەدەبی جیهانیدا پێی بەخشراوە. ئەدۆنیس ئەو شاعیرەی چەندین ساڵە بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراوە، لە بەرواری (٢٨) ـی ئۆگۆست دا و لە ڕۆژی لەدایکبوونی گۆتەی شاعیردا خەڵاتەکە وەردەگرێ، بەهای مادیی خەڵاتەکە دەگاتە (٢٥) هەزار یۆرۆ و هەر سێ ساڵ جارێ دەبەخشرێ. ئاهەنگی خەڵات وەرگرتنەکە لە فرانکفۆرت دەبێ، کە زێدی «گۆتە»یە، لەوانەش کە ساڵانی ڕابردوو ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە: نووسەری ئیسرائیلی (عاموس ئۆز) و دارێژەری سەماکار (بینا باوش) و ڕەخنەگری بواری ئەدەب (مارسیل ڕایش ڕاینسکی).

## دەنگدانەوەی عەرەبیی ئەم هەواڵە

لە هەڤپەیڤینێکی کە دۆیچە ڤیلە لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، شاعیری مەغریبی حەسەن نەجمی دەڵێ: (ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشی کردم). لەسەری دەڕوات: (ئەم ئاوڕدانەوە نایابەی ئەڵمانیا بۆ ئەدۆنیس و شیعر و شاعیرێتیی ئەو دووبارەکردنەوەی بەهاو ئاسۆیەکی هاوبەشە لەنێوان شاعیرێکی مەزنی ئەڵمانی و نەمر بە قەبارە و بەهای گۆتە تەریب لەگەڵ بەهاو جێگەی شاعیرێکی گەورەی وەک ئەدۆنیس)، دەڵێ ئەدۆنیس شایەنی خەڵاتی نۆبڵە، واشی داناوە کە بەخشینی خەڵاتی گۆتە بەو، ئەوە ڕاستییە دووبارە دەکاتە کە ئەدۆنیس شایەنی خەڵاتی نۆبڵە. وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ڕێزلێنانێکە بۆ شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی، بەڵام ئەدۆنیس بەبێ هیچ زیادەڕەوی و فووتێکردنێک شایەنی ئەم خەڵاتەیە. ئاماژەشی بە (داهێنانی شیعریی ئەدۆنیس و گوتارە تەنزیری و مەعریفییەکانی) لە ڕۆشنبیریی عەرەبی کردووە و دەڵێ (ئەدۆنیس بەهەموو پێوەر و پێوانەیەک خزمەتی شیعرێتیی بە هەموو مرۆڤایەتی گەیاندووە. ئەو هەرگیز بەتەنیا خزمەتی چامەیەکی عەرەبی ئینسانی تازەی نەکردووە، بەڵکو توانیویەتی خوێنەرێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، پاش تەشەنەکردنی (خوێندنەوەیەکی کۆنی کلاسیکی). ئەم خەڵاتە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستیەی کە: ئاسۆکانی ئەدۆنیس یەکدەگرنە لەگەڵ شاعیرێکی مەزنی ئەڵمانیدا کە گۆتەیە (گۆتەش هەر وەکو لە کۆمەڵە شیعرە بەناوبانگەکەیدا (دیوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دەردەکەوێ شارەزاییەکی زۆری هەبوو لەبارەی ڕۆشنبیریی عەرەب و ئیسلامییەوە.

## دەربازبوون لە چارەنووسی عەرەب بوون

شاعیری میسری (عەبدولمونعیم ڕەمەزان) لە دیدارێکدا بۆ هەمان سەرچاوە دەڵێ: ئەدۆنیس شایەنی خەڵاتی نۆبڵە (بۆ ئەو زۆر دواکەوت) واشی داناوە کە عەرەب (بەهۆی نەتوانین و دەرباز نەبوونیان لە سەدەکانی ناوەڕاست و داگیرکەرەوە کە درێژەیان کێشاوە و بەهۆی کێشەی عەرەب/ ئیسرائیلەوە، لەبەر ئەم هۆیانە زۆربەی کات عەرەب گرنگیی زۆری داوە بەو شاعیرانەی گوزارشتیان لەو خەمە ڕامیارییانە کردووە ئەگەر بەهای هونەریشیان زۆر کەمتر بێت، خاوەن کۆشیعری (خەون سێبەری کاتە) وای داناوە کە یەکەم: بەو هۆیانەوە باسمان لێوەکردن، دووەمیش بەوەی ئەدۆنیس شاعیرێکە بەعەرەبی دەنووسێ و ئامادەگییەکی بەهێزی نییە




له رۆشنبیریی جیهانیدا لەبەر ئەو دوو هۆکارە، ئەدۆنیس شاعیرێکی خاوەن دیگایە و غەدری لێکراوە. بۆیە من پیرۆزبایی لە ئەدۆنیس دەکەم بەوەی دەربازبووە لە چارەنووسی عەرەب بوون.

## سەرکۆنەکردنی کوشتن بەبێ سەرکۆنەکردنی بکوژ..؟

ئەگەر دوابەدوای کۆچکردنی شاعیری فەلەستینی مەحمود دەروێش، نیمچە ڕێککەوتنێک لەنێوان ڕەخنەگر و شاعیرانی عەرەبدا هاتبێتە ئاراوە لەبارەی داهێنانی شیعری و بەهای ئەدۆنیسەوە، ئەوا زۆرێکیش بەم دواییە ڕەخنەگەلێکی توندیان لێگرت، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بێت کە ئەو شاعیرێکە خاوەن جێگە و ڕێگەیەکی زۆر گەورەیە، لەکاتێکدا ئەوان بەو پایەیەوە چاوەڕوانی هەڵوێستی زۆر ڕوون و ئاشکراو وشەگەلێکی ڕاستەوخۆتریان لێ دەویست بەرامبەر ئەو ناڕەزاییانەی سوریا و سەرکۆنەکردنی ڕژێمی سوریا، کە هاووڵاتییانی سڤیل دەکوژێ، هەبوو دەیگوت ئەدۆنیس دژ بەسەرکوتکردنە بە هەموو شێوەیەک، بەڵام بەرامبەر ئەو سەرکوتکردنەی سوریا بێدەنگە یان هەر وەکو عەباس بەیزون لە نووسینێکیدا بەناونیشانی: (شۆڕش و ڕۆشنبیران) دەڵێ: کەس ئەو گەردەلوولەی ڕۆژنامەی (ئەلسەفیر) ناس ناکات، کە دەڵێ سەرکۆنەکردنی پیاوکوژ و ناوهێنانی باشترە لە سەرکۆنەکردنی کوشتن بەگشتی، دەکرێ بێدەنگ بین و هیچ باری سەرنجێکمان نەبێ، چونکە ئەمەش مافێکی خەڵکە، بەڵام بەشداریکردن بە دوودڵی و سەلێشێواوی بەشداریکردن نییە، بۆ ئێمە و بۆ هەمووانیش باشترە بەشداری لەم جۆرەمان نەبێ.

حەسەن نەجمی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست ناکاتەوەو دەڵێ: (نەک وەکو پارێزگاری کردن لە ئەدۆنیس، بەڵکو نابێ داوا لە شاعیر و هونەرمەند و داهێنەران بکەین کە ڕۆڵی سیاسییەکان دووبارەبکەنەوە. گوتارەکەی ئەدۆنیس ڕەخنەیەکی گەوهەری تێدایە لە هەموو بونیادی دیکتاتۆرە عەرەبییەکان، ئەمەش ڕەخنەیەکی گرنگترە لە هەر لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی، کە تۆزێ پێی دڵخۆش دەبین و پاشان لەبیرمان دەچێتەوە، پاشان دەڵێ: ئەدۆنیس پێویستی بەوە نییە هێرش بکاتە سەر (بەشار ئەلئەسەد) و ناوی بێنێ، با ئەوە بۆ سیاسەتمەداران بەجێ بێڵین، واش نازانم ئەو پشتگیری لە ڕەوشتی گومڕای بەشار لئەسەد و دارودەستەکەی بکات، بەڵام پێویستە ڕێز لە مافی شاعیر بگرین ئەگەر ویستی بێدەنگ بێت، بێدەنگییش هەڵوێستە. بۆچی سەرکۆنەی دەکەین..؟ بەڵام (عەباس بەیزون) دەڵێ: (ئەو پێگەیەی کە ئەدۆنیس پێی گەیشتووە و ڕەنگە بیپارێزێ هەمان ئەو پێگەیەیە کە وای لێدەکات لەسەر شت بوەستێ تا بینینێکی تەواوی لا دروست دەکات، ئەویش بەرپرسە لەوەی کە دەیڵێ).

**ژێدەر:** سایتی تایبەتی ئەدۆنیس.